جمعية خدمة المحتوى الإسلامي باللغات

ضيوف الرحمن
hajjumrh.com



# ئاداب وحوکمەکانی گەشت وسەفەر کردن

كردي

Kurdî

ضيوف الرحمن
hajjumrh.com

شركاء التنفيذ :

دار الإسلام | بيان الإسلام | رواد التراجم | المحتوى الإسلامي

يتاح طباعة هذا الإصدار ونشره بأي وسيلة مع الالتزام بالإشارة إلى المصدر وعدم التغيير في النص

Tel : +966 50 244 7000
info@islamiccontent.org
Riyadh 13245-2836
www.islamiccontent.org

## ئاداب وحوكمەكانی گەشت وسەفەر كردن

الحمد لله رب العالمين، والصلاة والسلام على نبينا محمد، وعلى آله وصحبه أجمعين.

**پاشان:**

ئەمە نامیلکەیەکی پوختە سەبارەت بە ئاداب وحوكمەكانی گەشت وسەفەر كردن، بەپەرۆش بووین لەسەر روونكردنەوەی زۆرینەی ئەو شتانەی گەشتیار پێویستیەتی.

داواكارین لە خوای گەورە بە ئیخلاس ودڵسۆزی لە پێناو زاتی پیرۆزی ئەو بێت، وهەموو مسوڵمانان سوودی لێ ببینن.

لیژنەی زانستی لە (كۆرگەی خزمەتگوزاری بڵاوكراوە ئیسلامیەكان بە زمانەكانی جیهان - جمعية خدمة المحتوى الإسلامي باللغات)

# یەکەم: ئادابی گەشت وسەفەر کردن

ئەو کەسەی گەشت وسەفەر دەکات بۆ ئەنجامدانی حەج یان هەر پەرستنێکی تر؛ پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵە گرنگانەی لای خوارەوە بکات:

## 1

داوای ڕێنمونی لە الله دەکات -سبحانه وتعالى- سەبارەت بە کات، وشێواز وئامرازی گەشتکردن، وهاوەڵ، وڕێگای گەشتەکە ئەگەر ڕێگاکان زۆر بوون، هەروەها ڕاوێژ بە کەسی چاك وشارەزا دەکات لەم بابەتەدا، سەبارەت بە گەشت کردن بۆ ئەنجامدانی حەج وعومرە؛ ئەمە خێرە بە بێ هیچ گومانێك،

وشێوازی داوای ڕێنمونی لە الله (ئیستیخارە) بەم شێوەیە دەبێت: دوو ڕکات نوێژ دەکات، پاشان نزا دەکات بەو شێوەیەی لە پێغەمبەرەوە هاتووە -صلى الله عليه وسلم-.



## 2

**واجبە حاجی وعومرەکار مەبەستی لە ئەنجامدانی حەج وعومرەکەی زاتی پیرۆزی الله وڕەزامەندی ئەو بێت، لەگەڵ نزیکبوونەوە لێی،**

دەبێت هۆشدار بێت سەبارەت بەوەی مەبەستی بابەتی دونیایی یان شانازی یان بەدەستهێنانی نازناو یان ڕیابازی یان ناوبانگ بێت لەم گەشت وسەفەرەدا؛ چونکە ئەمانە دەبنە هۆی پوچەڵبوونەوەی کردەوە وقبوڵ نەبوونی،

### خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿قُلۡ إِنَّمَآ أَنَا۠ بَشَرٞ مِّثۡلُكُمۡ يُوحَىٰٓ إِلَيَّ أَنَّمَآ إِلَٰهُكُمۡ إِلَٰهٞ وَٰحِدٞۖ فَمَن كَانَ يَرۡجُواْ لِقَآءَ رَبِّهِۦ فَلۡيَعۡمَلۡ عَمَلٗا صَٰلِحٗا وَلَا يُشۡرِكۡ بِعِبَادَةِ رَبِّهِۦٓ أَحَدَۢا﴾

(من هرۆڤێکم وەکو ئێوە ووەحیم بۆ دێت بەڕاستی پەروەردگاری ئێوە پەروەردگارێکی تاک و تەنهایە جا هەرکەس تامەزرۆی گەیشتنە بەخزمەت پەروەردگاری -لە قیامەتدا- ئەوە با کردەوەی چاک بکات وە لەپەرستنی پەروەردگاریدا کەس نەکات بەهاوبەشی وڕیا بازی نەکات). [الکهف: 110].

### ولە فەرموودەیەکی قودسیدا هاتووە:

**«من لە هەموو هاوبەش وشەریکەکان دەوڵەمەندترم ولەهەموویان بێ پێویستم، ئەگەر هەر کەسێک کردەوەیەک ئەنجام بدات وکەسێک بکاتە هاوبەش وشەریکی من؛ ئەوا واز لەو کەسە وکردەوەکەی دێنم بە هۆی ئەو هاوبەشدانانەوە کە بۆ منی بڕیار داوە».**[1]



(1) (موسلیم) گێڕاویەتیەوە، بە ژمارە: (2985) .

## 3

**واجبە حاجی وعومرەکار لە حوکمەکانی حەج وعومرە وگەشت وسەفەر کردن تێبگات پێش سەفەر کردن؛ نەوەك واز لە واجبێك بهێنێت یان تووشی حەرامکراوێك ببێت،**

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت:

**«ئەوەی خوای گەورە خێری بۆی بوێت ئەوا شارەزای دەکات لە دیندا».**(2)

## 4

**دەبێت حاجی یان عومرەکار پارەی حەڵاڵ هەڵبژێرێت بۆ ئەنجامدانی حەج یان عومرەکەی؛**

چونکە خوای گەورە پاکە وتەنها پاکیش قبوڵ دەکات، وپارەی حەرام هۆکارە بۆ وەڵام نەدانەوەی نزا ودۆعاکان.

## 5

**تەوبە کردن لە هەموو گوناه وتاوانەکان،**

وئەگەر ستەمێکی لە خەڵکی کردبێت پێویستە مافەکەیان بۆ بگێڕێتەوە وداوای لێبووردنیان لێبکات، ئینجا ستەمەکە: لە کەسایەتی یان پارە یان هەرشتێکی تر بێت.

## 6

**سوننەتە گەشتیار وەسێت بنووسێت،**

ئەوەی دەبێت بۆی بکرێت وئەوەی لەسەریەتی بیکات؛ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت:

**«گونجاو نییە بۆ مسوڵمانێک شتێک هەبێت وەسیەت سەبارەتی بکات؛ دوو شەو بەسەریدا تێپەڕ ببێت و وەسیەتەکەی نەنووسیبێت».**(3)

---

(2) (بوخاری) گێراویەتیەوە، بە ژمارە: (2738). (موسلیم) گێراویەتیەوە، بە ژمارە: (1627).

(3) (ئەبو داود) گێراویەتیەوە، بە ژمارە (4833).

ودەبێت شاهێدی لەسەر دابنێت، وئەو قەرزانەی لەسەریەتی بیداتەوە، وسپاردەکان بگێڕێتەوە بۆ خاوەنەکانیان یان ڕوخسەتیان لێوەربگرێت لە هێشتنەوەیان لە لای خۆی.

## 7

## سوننەتە گەشتیار کۆشش بکات بۆ دۆزینەوەی هاوەڵی چاك لە گەشتەکەیدا،

وپێویستە بە پەرۆش بێت لەسەر ئەوەی فێرخوازی زانستی شەرعی بن؛ چونکە ئەمە هۆکارە بۆ سەرکەوتنی وتووش نەبوونی بە هەڵە لە گەشتەکەیدا ولە حەج وعومرەکەیدا؛ چونکە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت:

**"مرۆڤ لە سەر ئاینی هاوڕێکەیەتی؛ بۆیە با هەریەکێکتان بڕوانێت وبزانێت هاوڕێیەتی کێ دەکات".** [4]

هەروەها پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت:

**"هاوڕێیەتی هیچ کەسێک مەکە جگە لە ئیماندار، وبا هیچ کەسێک لە خواردنەکەت نەخوات جگە لە تەقواداران".** [5]

---

(4) (ئەبو داود) گێراویەتیەوە، بە ژمارە (4832)، و(تیرمزی) گێراویەتیەوە، بە ژمارە (2395).

(5) (تەبەڕانی) گێراویەتیەوە، بە ژمارە (823).



ضيوف الرحمن
hajjumrh.com

8

## سوننەتە گەشتیار ماڵئاوایی لە خێزان وکەسە نزیکەکان ودراوسێ وهاوەڵانی بکات؛

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت:

«ئەوەی دەیەوێت سەفەر بکات با بە ئەو کەسانە بڵێت کە جێیان دەهێڵێت: (أَسْتَوْدِعُكُمُ اللَّهَ الَّذِي لَا يُضِيعُ وَدَائِعَهُ) واتە: (ئەتانسپێرم بە الله بە ڕاستی هیچ سپاردەیەك لە لای ئەو ون نابێت)».[6]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ماڵئاوایی لە هاوەڵانی دەکرد ئەگەر یەکێکیان بی ویستایە سەفەر بکات، دەیفەرموو:

«أَسْتَوْدِعُ اللهَ دِينَكَ وَأَمَانَتَكَ وَخَوَاتِيمَ عَمَلِكَ واتە:«من ئاین وسپاردە وکۆتا کردەوەکانت بە خودا دەسپێرم».[7]

وئەو کەسەی داوای وەسیەتی لێدەکرد لە گەشتیارەکان؛ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێی دەفەرموو:

«زَوَّدَكَ اللَّهُ التَّقْوَى، وَغَفَرَ ذَنْبَكَ، وَيَسَّرَ لَكَ الخَيْرَ حَيْثُ مَا كُنْتَ» واتە: «خوای گەورە تەقواداریت پێببەخشێت، ولە گوناهەکانت خۆش بێت، وکاری خێرت بۆ ئاسان بکات لە هەر شوێنێك بوویت».[8]

(6) (ئەحمەد) لە موسنەدەکەیدا گێڕاویەتیەوە، بە ژمارە (4524).
(7) (تیرمزی) گێڕاویەتیەوە، بە ژمارە (3444).
(8) (ئەحمەد) لە موسنەدەکەیدا گێڕاویەتیەوە، بە ژمارە (9724).

وپیاوێك دەیویست سەفەر بكات هات بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا ئامۆژگاریم بكە، ئەویش فەرمووی:

«ئامۆژگاریت دەكەم بە تەقوای خوای گەورە وتەكبیر كردن -ووتنی: الله أكبر- لە سەر هەموو شوێنێكی بەرز»، كاتێك ئەو كەسەی بەتەمای سەفەر بوو ڕۆیشت، فەرمووی: «خودایە زەوی -ڕێگاكەی- بۆ كورت بكەرەوە وگەشتەكەی لەسەر ئاسان بكە».[9]

## 9

### نابێت زەنگ ومۆسیقا وسەگ لەگەڵ خۆیدا ببات لە كاتی گەشت كردندا؛ بەهۆی ئەم فەرموودەیە:

لە ئەبو هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- كە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت:

«فریشتەكان هاوەڵی كۆمەڵێك نابن ئەگەر سەگ یان زەنگیان تێدا بێت».[10]



(9) (موسلیم) گێڕاویەتیەوە، بە ژمارە (2113).

(10) (بوخاری) گێڕاویەتیەوە؛ بە ژمارە (2593)، و(موسلیم) گێڕاویەتیەوە؛ بە ژمارە (2770).

10

## ئەگەر بیەوێت گەشت بکات وزیاتر لە یەك خێزانی هەبوو؛ ئەوا تیروپشك لە نێوانیان دەکات ئەگەر هەر خێزانێکی لە تیروپشکەکە دەرچوو ئەوا لەگەڵی دەبێت لە گەشتەکەیدا،بەهۆی ئەم فەرموودەیە:

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت:

**«پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- ئەگەر مەبەستی سەفەرێکی بووایە؛ تیروپشکی دەکرد لە نێوان خێزانەکانی، هەرکامێکیان لە تیروپشکەکە دەربچووایە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- لەگەڵ خۆیدا دەیبرد».**[11]

11

## سوننەتە لە ڕۆژی پێنج شەممە لە سەرەتای ڕۆژدا گەشت بکات ئەگەر ئاسان بوو بۆی؛

چونکە ئەمە کردەوەی پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- بووە، کەعبی کوڕی مالیك -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت:

**«کەمجار پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- دەردەچوو بۆ سەفەر کردن ئیلا لە ڕۆژی پێنج شەممەدا دەردەچو»**[12]

12

## سوننەتە نزای دەرچوون لە ماڵ بکات لەکاتی گەشت کردن وڕۆیشتن بۆ هەر شوێنێکی تر،

لەکاتی دەرچوونیدا دەڵێت:

---

(11) (بوخاری) گێراویەتیەوە؛ بە ژمارە (2949).
(12) (ئەبو داود) گێراویەتیەوە؛ بە ژمارە (5094).

«بِسْمِ اللَّهِ، تَوَكَّلْتُ عَلَى اللَّهِ، وَلا حَوْلَ وَلا قُوَّةَ إِلَّا بِاللَّهِ، اللَّهمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ أَنْ أَضِلَّ أَوْ أُضَلَّ، أَوْ أَزِلَّ أَوْ أُزَلَّ، أَوْ أَظْلِمَ أَوْ أُظْلَمَ، أَوْ أَجْهَلَ أَوْ يُجْهَلَ عَلَيَّ».

**واتە: «بە ناوی خوای گەورە، تەوەکول وپشت بەستنم تەنها بەخوای گەورەیە، هیچ هێز وتوانایەکمان نییە مەگەر ئەوە نەبێت کە خوای گەورە دەیبەخشێت، خوای گەورە پەنات پێ دەگرم لەوەی گومڕا بم یان گومڕا بکرێم، ولەوەی بکەوم یان بمکەوێنن، و لە ستەم یان ستەمم لێبکرێت، و لەڕەفتارکردنی نەزانانە یان بەنەزانی مامەڵەم لەگەڵ بکرێت».[13]**

## 13

## سوننەتە نزای سەفەر بکات کاتێك سواری ئاژەڵەکەی، یان ئۆتۆمبێلەکەی، یان فڕۆکە یان هەرشتێکی تر دەبێت لە سواریەکان، و دەڵێت:

«اللهُ أَكْبَرُ، اللهُ أَكْبَرُ، اللهُ أَكْبَرُ ثُمَّ يَقُولُ: {سُبْحَانَ الَّذِي سَخَّرَ لَنَا هَذَا وَمَا كُنَّا لَهُ مُقْرِنِينَ وَإِنَّا إِلَى رَبِّنَا لَمُنْقَلِبُونَ} [الزخرف: ١٤] اللَّهُمَّ إِنَّا نَسْأَلُكَ فِي سَفَرِنَا هَذَا الْبِرَّ وَالتَّقْوَى، وَمِنَ الْعَمَلِ مَا تَرْضَى، اللَّهُمَّ هَوِّنْ عَلَيْنَا السَّفَرَ، وَاطْوِ عَنَّا بُعْدَهُ، اللَّهُمَّ أَنْتَ الصَّاحِبُ فِي السَّفَرِ، وَالْخَلِيفَةُ فِي الْأَهْلِ، اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ وَعْثَاءِ السَّفَرِ، وَكَآبَةِ المنظر، وسوء الْمُنْقَلَبِ فِي الْمَالِ وَالْأَهْلِ..».

**واتە: «خودا لە هەموو شتێک گەورەترە، خودا لە هەموو شتێک گەورەترە، خودا لە هەموو شتێک گەورەترە، پاشان دەڵێت: ﴿پاك وبێگەردی بۆ ئەو خودایەی، کە ئەمەی بۆ ڕامکردووین (موسەخەر کردووین) وئێمەش دەسەڵاتمان نەبوو بەسەریدا * بەڕاستی لە دواڕۆژیشدا هەر بۆ لای ئەو خودایە دەگەڕێینەوە﴾ [الزخرف: ١٤]، خودایە ئێمە لەم گەشتەماندا داوای چاکە و خۆپارێزی وئەو کردەوانەت لێدەکەین کە تۆ پێی ڕازیت، خودایە ئەم گەشتەمان بۆ ئاسان بکە و دووریەکەیمان بۆ نزیك بکەرەوە، خودایە تۆ پارێزەرمان بە لەم گەشتەماندا وخانەوادەکەشمان بپارێزە، کە جێمان هێشتوون، خودایە من پەنات پێدەگرم لە نارەحەتی ئەم گەشتە[14] وخەمۆکی ڕواڵەتمان[15] و -پەنات پێدەگرم- لە خراپی حاڵمان[16] لە کاتی گەڕانەوەمان بۆ لای ماڵ وخێزان».[17]**

(13) (وعثاء السفر-نارەحەتی ئەم گەشتە) مەبەست لێی ئەوپەڕی سەختی وبارگرانیە لە گەشتەکەدا. [الإفصاح عن معاني الصحاح (4/ 284)].
(14) (كآبة المنظر-خەمۆکی ڕواڵەتمان) مەبەست لێی خراپی ڕواڵەت وشێوەیە بەهۆی غەم وخەفەت ودڵتەنگیەوە. [الإفصاح عن معاني الصحاح (4/ 284)].
(15) (المنقلب-گەڕانەوە) مەبەست لێی کاتی گەڕانەوەیە بۆ نێو ماڵ وکەسوکار. [الإفصاح عن معاني الصحاح (4/ 284)].
(16) (ئەحمەد) گێڕاویەتیەوە لە موسنەدەکەیدا، بە ژمارە (6374).
(17) (بوخاری) گێڕاویەتیەوە؛ بە ژمارە (2998).



## 14 سوننەتە گەشتیار بە تەنها گەشت نەکات بە بێ هاوەڵ؛

چونکە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت:

«ئەگەر خەڵکی ئەوەیان بزانیایە سەبارەت بە تەنهایی کە من دەیزانم ئەوا کەس بە تەنها گەشتی نەدەکرد لە شەودا».[18]

(18) (ئەبو داود) گێڕاویەتیەوە؛ بە ژمارە (2608).

15

## گەشتیارەکان کەسێکیان دیاری دەکەن بۆئەوەی ببێتە فەرماندادریان؛

چونکە ئەمە دەبێتە یەکگرتوویی، وکۆك بوونیان، وپاڵنەرێکی بەهێزە بۆ بەدەستهێنانی مەبەست وپێویستیەکانیان،

پێغەمبەر -صلی الله علیەوسلم- دەفەرموێت:

**«ئەگەر سێ کەس دەرچوون بۆ گەشت با یەکێکیان بکەن بە فەرمانداریان»**

(19) (ئەحمەد) لە موسنەدەکەیدا گێراویەتیەوە، بە ژمارە (17736).



## 16

## دەبێت بەپەرۆش بێت لەسەر جێبەجێکردنی ئەوەی الله واجبی کردووە لەسەری لە پەرستنەکان ودوورکەوتنەوە لە حەرامکراوەکان

وخۆڕازاندنەوە بە ڕەوشتە جوانەکان، ویارمەتی ئەو کەسانە دەدات کە پێویستیان بە یارمەتیە، وزانست دەگەیەنێت بەو کەسانەی داوای دەکەن وپێویستیانە، وسەخی دەبێت لە پارەدا، ودەیبەخشێت لە بەرژەوەندییەکانی خۆی وبرایانی ولە پێویستیەکانیان.

## 17

## باشتر وایە زیاد لە پێویست خەرجی وکەرەستەکانی گەشت لەگەڵ خۆیدا ببات،

چونکە داوا کردن وپێویستی لەوەیە زیاد بکات وحاڵ وبارەکان بگۆڕێت.



## 18

## پێویستە لە هەموو ئەم حاڵەتانەدا ڕووی خۆش بێت، ودەروونی بەختەوەر بێت،

وبە پەرۆش بێت لەسەر ئەوەی ئاسوودەیی بخاتە نێو دڵی هاوەڵانی؛ بۆئەوەی ئاشتی خواز وهۆگر بڵاوکار بێت.

## 19 هەروەها دەبێت ئارام بگرێت لەسەر خراپ هەڵسوکەوت کردنی هاوەڵانی وخۆڕاگر

بێت لەسەر پێچەوانە کردنیان بۆ سەرخستنی ڕاوبۆچوونەکانی، وپێویستە بە شێوەیەکی جوان مامەڵەیان لەگەڵدا بکات، بۆئەوەی ڕێزدار بێت لە نێوانیان، وبە گەورەی دابنێن لە دەروونیاندا.

## 20 سوننەتە ئەگەر گەشتیارەکان لە شوێنێك وەستان پێکەوە بمێننەوە،

وهەندێک لە هاوەڵانی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەگەر لە شوێنێك بوەستانایە بڵاو دەبوونەوە لە نێو شیو ودۆڵەکاندا،

**بۆیە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی:**

**«جیابوونەوەتان لە نێو ڕێچکەی ئەم شیو ودۆڵانەدا بە دڵنیاییەوە لە شەیتانەوەیە».[20]**

پاش ئەم فەرمایشتە نزیك لە یەکتر وپێکەوە دەمانەوە؛ تەنانەت ئەگەر پۆشاکێك بدرایە بە سەریاندا بەشی هەموویانی دەکرد.

## 21 سوننەتە ئەگەر لایدایە شوێنێك لە کاتی سەفەردا یان هەرشوێنێک با لەسەفەریشدا نەبێت؛

ئەم نزایە بکات کە لە پێغەمبەرەوە هاتووە -صلى الله عليه وسلم-فەرموویەتی:

(20) (موسلیم) گێڕاویەتیەوە؛ بە ژمارە (2708).

ضيوف الرحمن
hajjumrh.com

«أَعُوذُ بِكَلِمَاتِ اللهِ التَّامَّاتِ مِنْ شَرِّ مَا خَلَقَ»؛

واتە: «پەنا دەگرم بە [وشەکانی خوای گەورە کە بێ کەموکوڕی وعەیبە -مەبەست قورئانە-] لە هەموو شەڕێک کە دروستی کردووە»[21]

ئەگەر ئەم زیکرە بڵێت ئەوا هیچ شتێك زیانی پێناگەیەنێت هەتاوەکو لەو شوێنە دەڕوات.

## 22 سوننەتە لە کاتی چوونە سەر شوێنی بەرز تەکبیر بکات -بڵێت: الله أکبر-، وتەسبیح بکات -بڵێ: سبحان الله- کاتێك دادەبەزێتە نێو شوێنە نزمەکان ودۆڵەکان،

جابر -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: "ئەگەر سەربکەوتینایە؛ تەکبیرمان دەکرد، وئەگەر دابەزینایە؛ تەسبیحمان دەکرد"، ولە کاتی تەکبیردا دەنگیان بەرز نەدەکردەوە،[22]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت:

«ئەی خەڵکینە، نەرم ونیان بن دەرهەق بە خۆتان، ئێوە نە دەپاڕێنەوە لە کەسێک نەبیستێت ونە دەپاڕێنەوە لە کەسێکی دوور، الله لەگەڵ ئێوەیە، ئەو بیسەر ونزیکە».[23]

## 23 سوننەتە لە شەودا گەشت بکات بەتایبەت لە سەرەتای شەودا؛ پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت:


---

(21) (بوخاری) گێراویەتیەوە؛ بە ژمارە (2994).
(22) (بوخاری) گێراویەتیەوە؛ بە ژمارە (2993) .
(23) (ئەبو داود) گێراویەتیەوە؛ بە ژمارە (2571) .

«لـە شـەودا سـەفەر بکـەن، چونکـە (ڕێگاکانـی) زەوی لە شەودا کورت دەکرێتەوە».[24]

## 24 هەروەها سوننەتە زۆر نـزا ودۆعا بکات لە کاتی گەشتەکەیدا،

چونکە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت:



«سێ نزا دۆعا وەڵامدەدرێنەوە بە بێ هیچ گومانێک: نزا ودۆعای ستەملێکراو، ونزا ودۆعای ڕێبوار، ونزا ودۆعای دایك وباوك لەسەر منداڵەکانیان».[25]

---

(24) (ئەحمەد) لە موسنەدەکەیدا گێراویەتیەوە، بە ژمارە (10771).
(25) (ئەلبەزار) گێراویەتیەوە لە موسنەدەکەیدا، بە ژمارە (10068).

# دووەم: پاوکوخاوێنی لە کاتی گەشتت وسەفەردا

## واجبە گەشتیار گرنگی بدات بە پاکوخاوێنی خۆی،

دەبێت دەستنوێژ بگرێت لە پاش دەستنوێژشکاندنی، ودەبێت خۆی بشوات لە پاش لەشگران بوونی.

## ئەگەر ئاوی دەستنەکەوت،

یان کەمی پێیە ودەیەوێت بەکاریبهێنێت بۆ خواردن وخواردنەوە؛ لەم حاڵەتەدا تەیەموم دەکات.



## چۆنیەتی تەیەموم کردن:

ناو لەپەکانی دەستەکانی دەدات بە سەر خۆڵی سەر زەویدا پاشان مەسح دەکات بە سەر ڕووی وهەردوو دیوی دەستەکانی.

## پاکی تیمم پاکیای موقتی است؛

تەیەموم پاکژییەکی کاتیە، و هەرکات ئاوی دەستکەوت واجبە بەکاریبهێنێت، ئەگەر تەیەمومی کرد بۆ لابردنی لەشگرانی پاشان ئاوی دەستکەوت ئەوا واجبە خۆی بشوات بەو ئاوە، ئەگەر تەیەمومی کرد بۆ دەست نوێژ پاشان ئاوی دەستکەوت ئەوا واجبە بە ئاوەکە دەستنوێژ بگرێتەوە،

لە فەرموودەدا هاتووە:

«خاك وخۆڵی پاك بەكاردەهێندرێت بۆ تەیەموم لە لایەن مسوڵمانەوە، ئەگەرچیش ئاوی دەستنەوكەوت هەتا دەساڵیش؛ ئەگەر ئاوی دەستكەوت با لە خودا بترسێت و بەكاری بێنێت بۆ دەست نوێژ وخۆشۆردنی لەش گرانی»[26].

## مەسح كردن لە سەر گۆرەوی وخوفەكان؛

ڕێگەپێدراوە لە قورئان وسوننەت ویەكدەنگی ئەهلی سوننە.

## بۆ مەسحكردن لەسەر خوف وگۆرەوییەكان وهاوشێوەكانیان؛ چەند مەرجێك هەیە، لەوانەیش:

**1.** دەبێت خوفەكان وگۆرەوییەكان پاك وڕێگەپێدراو بن.

**2.** پێویستە بە دەستنوێژەوە لە پێی كردبێت.

**3.** پێویستە ئەو شوێنانە داپۆشن كە دەبێت لە كاتی دەستنوێژدا بشۆردرێن.



(26) (بوخاری) گێراویەتیەوە؛ بە ژمارە (1804)، و(موسلیم) گێراویەتیەوە؛ بە ژمارە (1927).

**4.**

مەسح کردن بەسەریاندا بۆ کاتی دەست نوێژ شکاندن دەبێت، ولە کاتی توش بون بە لەشگرانی وئەو شتانەی خۆشۆردن واجب دەکەن؛ مەسحکردن ڕێگەپێدراو نییە.

**5.**

مەسحکردن بە سەریاندا کاتی دیاریکراوی هەیە لە شەریعەتدا ئەمیش بریتیە لە ڕۆژ وشەوێك بۆ نیشتەجێبوو، وسێ شەو وڕۆژ بۆ ڕێبوار، وبۆچوونی دروست ئەوەیە کە ماوەی مەسحکردن دەستپێدەکات لە پاش یەکەم مەسحکردن پاش ئەوەی دەستنوێژی شکاوە، ودوای بیست وچوار کاتژمێر ماوەکە تەواو دەبێت بۆ نیشتەجێبوو، ودوای حەفتا ودوو کاتژمێر تەواو دەبێت بۆ ڕێبوار.



## ومەسحکردن پوچەڵ دەبێتەوە بە یەکێك لەم سێ شتە:

1. ئەگەر دەستنوێژی شکا بە هۆی ئەو شتانەی خۆشۆردن واجب دەکەن وەکو لەشگرانی؛ لەم حاڵەتەدا مەسحکردنەکە پوچەڵ دەبێتەوە ودەبێت خۆی بشوات.

2. ئەگەر دایان بکەنێت لە پاش مەسح کردن بە سەریاندا.

3. ئەگەر ماوەی ڕەچاوکراو تەواو بێت کە لە شەریعەتدا دیاریکراوە؛ مەسحکردنیش پوچەڵ دەبێتەوە.

* * *



## سێیەم: حوکمەکانی کورتکردنەوەی -قەسری- نوێژ لە گەشت وسەفەردا

**کورتکردنەوەی نوێژەکان لە گەشت وسەفەردا باشترە لە ئەنجامدانیان بە بێ کورتکردنەوە؛**

بەڵام ئەگەر گەشتیار نوێژەکەی بە چوار ڕکات ئەنجامدا نوێژەکە دروستە بەڵام بە پێچەوانەی باشتر کردەوەی ئەنجامداوە.

**گەشتیار دەتوانێت نوێژەکەی کورت بکاتەوە ئەگەر دەربچێت لە سنووری هەموو ماڵەکانی گوندەکەی یان شارەکەی،**

وئەمە مەزهەبی زۆرینەی زانایانە.



**وئەگەر گەشت وسەفەر بکات لە پاش هاتنی کاتی نوێژ؛ دەتوانێت نوێژەکە کورت بکاتەوە،**

چونکە گەشتی کردووە لە پێش ئەوەی ماوەی نوێژەکە تەواو بێت.

## سەبارەت بە کۆکردنەوە لە نێوان

| | | |
|---|---|---|
| نوێژەکانی نیوەڕۆ وعەسر | ولە نێوان | نوێژەکانی مەغریب وعیشا |

ئەمیش سوننەتە بۆ گەشتیار لە کاتی پێویستیدا، ئەگەر لە ڕێگا بەردەوام بوو؛ دەتوانێت ئەوەیان هەڵبژێرێت کە گونجاوە بۆی لە نێوان کۆکردنەوەی پێش خستن یان دووا خستن.



## ئەگەر ڕێبوار پێویستی بە کۆکردنەوەی نوێژەکان نەبێت ئەوا کۆیان ناکاتەوە،

وەکو ئەوەی لە شوێنێك دەمێنێتەوە ونایەوێت لەوێ بڕوات هەتاوەکو هاتنی کاتی نوێژی دواتر، لەم حاڵەتەدا باشتر وایە نوێژەکان کۆ نەکاتەوە؛ چونکە پێویستی پێی نییە، بۆیە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نوێژەکانی کۆ نەکردەوە کاتێك لە مینا مایەوە لە حەجی ماڵئاوایی؛ چونکە پێویستی پێی نەبوو.

## سەبارەت بە نوێژە سوننەتەکان؛

ڕێگەپێدراوە گەشتیار ئەو نوێژە سوننەتانە بکات کە نیشتەجێبوو ئەنجامیان دەدات، وەکو نوێژی چێشتەنگاو وشەونوێژ و ویتر ونوێژە سوننەتەکانی تر؛ جگە لە سوننەتی ڕاتیبەی نوێژەکانی نیوەڕۆ ومەغریب وعیشا نەبێت چونکە باشتر وایە ئەنجامیان نەدات.

### ئەنجامدانی نوێژی سوننەت لە سەر سواری دروستە؛

وەکو: لە نێو فڕۆکە، وئۆتۆمبێل، وکەشت وهتد لە هۆکارەکانی گواستنەوە، بەڵام بۆ ئەنجامدانی نوێژی فەرز دەبێت دابەزێت لە سەر سواریەکە مەگەر نەتوانێت.



# نوێژی گەشتیار لە پشتی نیشتەجێبوو دروستە،

گەشتیار نوێژەکەی تەواو دەکات هەروەکو ئیمامەکەی، ئینجا بگات بە هەموو ڕکاتەکانی نوێژەکە، یان ڕکاتێکی، یان کەمتر، تەنانەت ئەگەر بگات پێی لە تەشەهودی -تەحیاتی- کۆتایی لە پێش سەلامدانەوە ئەوا نوێژەکەی هەر تەواو دەکات، وئەمیش پەسەندترین بۆچوونە لە نێو دوو بۆچوونی زانایاندا.

## پێویستە پەلە بکات لە گەڕانەوە ودرێژە نەدات بە گەشتەکەی بە بێ پێویستی؛

چونکە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرموویەتی:

«گەشت کردن بەشێکە لە ئازار، ڕێگر دەبێت لە خواردن وخواردنەوە وخەوتنتان، ئەگەر یەکێکتان هۆکاری سەفەری تەواو بوو با پەلە بکات لە گەڕانەوە بۆ لای خێزان وماڵی».[27]

## ئەگەر بیەوێت بگەڕێتەوە بۆ شارەکەی یان وڵاتەکەی؛ ئەوا نزای سەفەر دەخوێنێت لە کاتی سەرکەوتن بەسەر سواریەکەی،

هەروەها ئەم بەشەیشی بۆ زیاد دەکات:

«آيِبُونَ تَائِبُونَ عَابِدُونَ لِرَبِّنَا حَامِدُونَ».

واتە: «گەڕاینەوە بە تۆبە کاری لە تاوانەکان، وهەروەها بە پەرستش بۆ خودا و سوپاسگوزار وستایش کاریشین بۆ پەروەردگارمان».[28]

---

(27) (بوخاری) گێڕاویەتیەوە؛ بە ژمارە (1797)، و(موسلیم) گێڕاویەتیەوە؛ بە ژمارە (1342).

(28) (بوخاری) گێڕاویەتیەوە؛ بە ژمارە (4116).

**سوننەتە لە کاتی گەڕانەوە لە گەشت وسەفەر ئەوە بڵێت کە لە پێغەمبەرەوە هاتووە -صلى الله عليه وسلم- کە ئەگەر بگەڕایەتەوە لە جەنگ، یان حەج یان عومرە، لە سەر هەموو شوێنێکی بەرز تەکبیری دەکرد -دەیووت: الله أكبر- سێ جار، پاشان دەیووت:**

«لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ، وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، لَهُ الْمُلْكُ، وَلَهُ الْحَمْدُ، وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ، آيِبُونَ، تَائِبُونَ، عَابِدُونَ، سَاجِدُونَ، لِرَبِّنَا حَامِدُونَ، صَدَقَ اللهُ وَعْدَهُ، وَنَصَرَ عَبْدَهُ، وَهَزَمَ الْأَحْزَابَ وَحْدَهُ».

**واتە: «هیچ پەرستراوێك هەق وڕاستی نییە کە شایستەی پەرستن بێت جگە لە -الله-ی تاك و تەنیای بێ هاوەڵ، موڵك وسامان وستایش بۆ ئەوە و بەسەر هەموو شتێکیشدا بە توانا و بە دەسەڵاتە، گەڕاینەوە بە پەشیمانی لە تاوان، هەروەها بە پەرستش بۆ خودا وسوپاسگوزار وستایش کاریشین بۆ پەروەردگارمان، خودا بەڵێنەکانی هێنایە جێ و بەندەکەی خۆی سەرخست و خۆی بە تەنها کۆمەڵەی بێباوەڕانیشی تێکشکاند».** [29]



(29) (بوخاری) گێراویەتیەوە؛ بە ژمارە (1797)، و(موسلیم) گێراویەتیەوە؛ بە ژمارە (1342).

## هەروەها سوننەتە کاتێک شارەکەی دەبینێت بڵێت:

«آيِبُونَ تَائِبُونَ عَابِدُونَ لِرَبِّنَا حَامِدُونَ»،

**واتە: «گەڕاینەوە بە پەشیمانی لەتاوان، وهەروەها بە پەرستش بۆ خودا و سوپاسگوزار وستایش کاریشین بۆ پەروەردگارمان».[30]**

ئەمە دووبارە دەکاتەوە هەتاوەکو دەچێتە نێو شارەکەیەوە؛ وئەمە کردەوەی پێغەمبەر بووە -صلى الله عليه وسلم-.

## نابێت لە پاش سەفەرێکی درێژ بە شەو بگەڕێتەوە بۆ لای خێزانەکەی ئەگەر پێویست نەبێت؛

مەگەر پێشتر هەواڵیان بداتێ کە لە شەودا دەگەڕێتەوە، چونکە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی لەم کارە کردووە، جابر -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت:

**«پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە لەوەی پیاو لە شەودا -بە ناکاو- بگەڕێتەوە بۆ لای خێزانەکانی».[31]**

دانایی ئەم کارە گێڕانەوەیەکی تر ڕاقەی کردووە:

**«بۆئەوەی ئەو ئافرەتەی قژی نارێکە شانەی بکات،[32] وئەو ئافرەتەی پیاوەکەی لە لای نەبووە مووی لاشەی لابەرێت».[33]**

---

(30) (موسلیم) گێڕاویەتیەوە؛ بە ژمارە (715).
(31) (ئەو ئافرەتەی قژی نارێکە)؛ چونکە ماوەیەکی زۆر پرچی پشتگوێ خستووە پێویستیەتی شانەی بکات ورێکی بخات، (موومکانی لابەرێت)؛ لابردنی مووی ئەو شوێنانەی داواکراوە لابیرێن بە بەکارهێنانی موس، (و ئافرەتەی پیاوەکەی لە لای نەبووە)؛ کە بۆ ماوەیەکی زۆر نەگەڕاوەتەوە. [التحرير في شرح صحيح مسلم - الأصبهاني (ص292)].
(32) (نەسائی) گێڕاویەتیەوە؛ بە ژمارە (9099).
(33) (موسلیم) گێڕاویەتیەوە؛ بە ژمارە (715).

هەروەها لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە:

**«پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- نەهی کردووە لەوەی پیاو لە شەودا -بە ناکاو- بگەڕێتەوە بۆ لای خێزانەکانی بەهۆی ئەوەی گومان دەکات خیانەت بکەن، یان بە دوای هەڵەکانیان بگەڕێت».**[34]

## سوننەتە ئەو کەسەی لە سەفەر دەگەڕێتەوە سەرەتا بچێتە نێو نزیکترین مزگەوت لەماڵیان ودوو ڕکات نوێژی تێدا ئەنجام بدات

چونکە کردەوەی پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- بەم شێوەیە بووە.



(34) (موسلیم) گێراویەتیەوە؛ بە ژمارە (2428).

## سوننەتە ئەو کەسەی لە سەفەر دەگەڕێتەوە نەرمونیانی بنوێنێت بەرامبەر بە منداڵەکانی و خێزانەکەی ودراوسێکانی وچاکەکار بێت بەرامبەریان ئەگەر پێشوازیان لێکرد، لە ئیبن عەباسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت:

کاتێك پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- هات بۆ مەککە چەند منداڵێکی بەنی عەبدولموتەلیب پێشوازیان لێکرد یەکێکیانی لە باوەشکرد وئەوی تر لە پشتی بوو، عبد اللهی کوڕی جەعفەر -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت:

**"پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- ئەگەر لە سەفەر بگەڕایەتەوە؛ ئێمە پێشوازیمان لێدەکرد، کاتێك دەگەیشت بە من وحەسەن یان حوسەین یەکێکمانی دەکردە باوەش وئەوی تر لە پشتیەوە بوو هەتاوەکو دەهاتە نێو مەدینەوە".**[35]

## دیاری بەخشین سوننەتە، چونکە دەبێتە هۆی ئاسوودە کردنی دڵەکان ونەهێشتنی ناکۆکی، وسوننەتە قبوڵ بکرێت،

ولە بەرامبەردا پاداشت بدرێتەوە، مەکروهە ڕەت بکرێتەوە بە بێ ڕێگرێکی شەرعی؛ بۆیە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم-فەرموویەتی:

**«دیاری ببەخشن بە یەکتر؛ خۆشەویستر دەبن لە لای یەکتر».**[36]

---

(35) (بەیهەقی) گێراویەتیەوە لە (السنن الکبری)؛ بە ژمارە (11946).
(36) (تەبەرانی) گێراویەتیەوە لە (الأوسط)؛ بە ژمارە (97).

ضيوف الرحمن
hajjumrh.com

ودیاری بەخشین هۆکارە بۆ زیاد بوونی خۆشەویستی وتەبایی لە نێو مسوڵمانانـدا.



## ئەگەر لە گەشت وسەفەر بگەڕێتەوە بەرەو شارەکەی؛ باوەش پێدا کردنی سوننەتە،

چونکە لە پێغەمبەرەوە هاتووە -صلی الله علیه وسلم- هەروەکو ئەنەس -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت:

"ئەگەر بە یەك بگەیشتنایە تەوقەیان دەکرد، وئەگەر لە سەفەر بگەڕانایەتەوە باوەشیان بە یەکدا دەکرد".[37]

وصلی الله وسلم علی نبینا محمد.

(37) (بوخاری) گێراویەتیەوە؛ بە ژمارە (3116)، و(موسلیم) گێراویەتیەوە؛ بە ژمارە (100) .

## پێڕست

ئاداب وحوکمەکانی گەشت وسەفەر کردن ........ 3
یەکەم: ئادابی گەشت وسەفەر کردن ........ 4
دووەم: پاوکوخاوێنی لە کاتی گەشت وسەفەردا ........ 18
-سێیەم: حوکمەکانی کورتکردنەوەی -قەسری نوێژ لە گەشت وسەفەردا ........ 22
چوارەم: داب ورێساکانی گەڕانەوە لە حەج وعومرە یان هەر گەشت وسەفرێک ........ 26

# تعرف على الإسلام
# بأكثر من 100 لغة

موسوعة الأحاديث النبوية
HadeethEnc.com

ترجمات متقنة للأحاديث النبوية وشروحها بأكثر من (60) لغة

بيان الإسلام
byenah.com

مواد منتقاة للتعريف بالإسلام وتعليمه بأكثر من (120) لغة

موسوعة القرآن الكريم
QuranEnc.com

ترجمات متقنة لمعاني القرآن الكريم بأكثر من (75) لغة

موسوعات وخدمات إسلامية باللغات
s.islamenc.com

للمزيد
من المواقع الإسلامية
بلغـــات العــالم

جامع المحتوى الإسلامي باللغات
islamcontent.com

مواد إسلامية متنوعة وشاملة بأكثر من (125) لغة

ضيوف الرحمن
hajjumrh.com

مواد منتقاة للحجـــاج والمعتمرين و الزوار بلغات العالم

جمعية خدمة المحتوى الإسلامي باللغات

ضيوف الرحمن
hajjumrh.com